هەژماری من
MyAccount

## زانیاری دەربارەی پرۆگرامەکە

پرۆگرامی #هەژماری_من دڵنیایی دەبەخشێت کە لە ماوەی 18 مانگدا سەرجەم سوودمەندانی کەرتی گشتی لە کوردستان مووچەکانیان لە هەژماری بانکی تایبەت بە خۆیانەوە وەردەگرن.

ئەم پرۆگرامە هەنگاوێکی گەورەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات بۆ خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانمان.

## سوودە سەرەکیەکان

- لە کاتی گەیشتنی مووچەکەت لە ڕۆژی مووچەدان ئاگانامەت بۆ دێت
- ئەمە چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ڕاکێشانی مووچە لە ئامێری ATMکە لە سەرانسەری کوردستان بەردەست دەبێت
- دەستڕاگەیشتن بە بەرهەم و خزمەتگوزارییە داراییەکان، بۆ نموونە، هەژماری پاشەکەوتکردن، قەرزی کەسی، قەرزی خانووبەرە و هتد.
- وەرگرتنی کارتی بانکی نێودەوڵەتی کە دەتوانرێت لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بەکاربهێنرێت
- پاداشتی هاوبەشی، یەکێکە لە سوودەکان لەکاتی بەکارهێنانی کارتی بانکی بۆ کڕینی شتومەک. بۆ نموونە، داشکاندنی نرخی کەلوپەل لە سوپەرمارکێتەکان

## پرۆسەکە

ڕوونکردنەوەیەکی هەنگاو-بە-هەنگاوی پرۆسەی تۆمارکردنی سوودمەندان لە پرۆگرامی هەژماری_من




**1 پەیوەندییە سەرەتاییەکان**

نوێنەری یەکەکەی تۆ لە دەستپێکردنی ناوتۆمارکردن ئاگادارت دەکاتەوە

**2 تۆمارکردن بۆ پرۆگرام**

بریکاری تایبەتمەند لە شوێنی کارەکەت و لە بانکە گشتیەکان ئامادە دەبن بۆ ئەوەی ناوت لە پرۆگرامەکە تۆماربکەن

**3 بەڵگەی تۆمارکردن**

نوێنەری فەرمانگەکەت لە ڕۆژی دەستپێکردنی ناوتۆمارکردن ئاگادارت دەکاتەوە

**پشتگیری تۆمارکردن**

ئەگەر پێویستت بە یارمەتی بوو بریکاری تایبەتمەند لە بانکی گشتی (و لە یەکەی کارکردنت) ئامادە دەبن

**4 وەرگرتنی کارتی بانکی**

ئاگادار دەکرێیتەوە بۆ ئەوەی بچیت کارتی بانکی و زانیاری دەربارەی هەژمارەکەت وەربگریت لەو شوێنەی کە بۆت دیاریدەکرێت

**5 دەرهێنانی پارە لە ئامێری ATM**

هەر کاتێك بتەوێت دەتوانیت پارەکەت لە هەر ئامێرێکی ئەی تی ئێم دەربهێنیت

## پێداویستیەکان

دەبێت یەك لەم دوو هەڵبژادەی ناسنامە لەگەڵ خۆت بهێنی بۆ ناو تۆمارکردن:

- کارتی نیشتیمانی + کارتی زانیاری. دەبێت هەردوو ناسنامەت پێبێت
- ناسنامەی باری شارستانی + ڕەگەزنامە + کارتی زانیاری

وەرگرتنی کارتی بانکی:

- هەر جۆرە ناسنامەیەکت پێبێت قبوڵە بۆ وەرگرتنی کارتەکە

## یارمەتی و پاڵپشتیکردن

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە پەیوەندی بکە بە نوێنەری یەکەی ژمێریاری کارەکەت، یان پەیوەندیمان پێ بکە لەڕێگەی:

**0750 957 5757**

**www.myaccount.gov.krd**

# هەژماری_من

دەستپێشخەری حکومەتی
هەرێمی کوردستان

www.myaccount.gov.krd

0750 957 5757

